مرۆڤ و ئاکارو کۆمەڵگە

نووسینی
جۆن کارڵ فلوجل

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح سەعدی



20675

Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بەرهەمی چاپخانەی پارێزراوە بۆ

نارین

ناوی کتێب:	مرۆڤ و ئاکارو کۆمەڵگە
نووسینی:	جۆن کارڵ فلوجل
وەرگێڕانی:	سەڵاح سەعدی
نەخشەسازی ناوە:	کۆمپیوتەری نارین(کامران رفیق)
ساڵی چاپ:	٢٠١٢ ز
ژمارەی سپاردن:	(١٠٢٣)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.

نارین

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ڕاپەڕ زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

Website: www.nareenpubom

E-mail: info@nareenpubom

تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)

مۆبایل: ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠ ٠٠٩٦٤

Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

وتەیەک

بە پێنووسی دکتۆر عەبدولعزیز ئەلقوصی

جۆن کارل فلوجل لەسالّی ١٨٨٤ لە لەندەن لەدایکبووەو دوای ئەوەی ژیانێکی پڕ لە پیتوفەڕی ئەقلّی و ئاکاری و مرۆییانە ژیا، لە ١٧ ئوغستۆسی سالّی ١٩٥٥دا کۆچی دواییکردووە. ناوبراو یەکێك بوو لە قوتابییە بلیمەتەکانی ئۆکسفۆرد وهەروەها یەکێك بوو لە لێکۆڵەرەوەو مامۆستا بلیمەتەکان و لەهەمان کاتیشدا لە ئاکارو مرۆڤایەتییەکەی خۆیشیدا بلیمەت بوو.

من لەسالّی ١٩٣٢ تا ١٩٣٤ لە کۆلێژی لەندەن قوتابیی ناوبراو بووم. وەبیرمدێت تەنها بەگوێچکەکانم گوێم لێ رانەدەگرت، بەڵکو بەدڵ و هەستەکانیشمەوە گوێم لێ رادەگرت. زۆر کەسی دیکەی میسری قوتابیی ئەو بوون، یەکێك لەو کەسانەی کە زۆر سەرسامی ناوبراو بوون، مامۆستا موحەمەدفوئاد جەلالە. لە راستیدا من و قوتابییەکانی دیکەی هەر لەنێو پۆلداو لەکاتی گوتنەوەی وانەکانیدا قوتابیی ئەو نەبووین، بەڵکو زۆر بەر لەم کاتە بەقوولّی شرۆڤەی لێکۆڵینەوەکانی ئەومان کردبوو، تاکو ئێستەش لێکۆڵینەوەکانی بە بنەماو بناغە دادەنێین. لەوکاتەی مالّئاوایی یەکجاری لێکردین هەستمانکرد هەر مامۆستایەکمان لەدەست نەداوە، بەڵکو مامۆستاو باوك و برایەکی گەورەو هاوڕێیەکی خۆشەویستیشمان لەدەست داوە. تەنها مامۆستایەك بوو کە کاتێك لە شەقامێکی گشتیدا دەمبینی بە پەلەپڕوزێ بەرەو پیلی دەچووم، تاکو سلاّو و قسەو زەردەخەنەیەکی ئەوم وەك دیارییەك دەستکەوێت.

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

یەکێك بوو لەو مامۆستایە نایابانەی کە لەگەڵ نـەو هـەموو زانسـت و زانیارییانـەی خۆیانەوە، وایان لێتدەکرد هەست بکەیت کە زانایت. لەکاتی گفتوگۆدا شێوازێکی زۆر جوانی هەبوو، هـەرگیز قسـەی پێنـەدەبڕیت و زۆر بـە چـێژوەرگرتنەوە گـوێی بـۆت رادەدێـرا، دواتـر بەشـێوەیەك لەسـەر قسـەکانت دەدوا، وەك بڵێیـت شـتێکت وەبیربهێنێتەوە کە بەڕاستی سەدلەسەد زانیوتە، بەڵام لەم ساتەدا لەیادت چـووەتەوە. بەم رێگەو چەندین رێگەی دیکە فلوجل خاکەڕایی زانایـانی زۆر بـەڕوونی لـە خۆیـدا بەرجەستەکرد و هەزارەها کەسێتیی هان دا گەشەو بالاێبکەن.

فلوجل لەبواری دەروونناسیدا لەسفرەوە دەستپێکرد، هـەر لـە وانەبێژییـەوە تـا دەگاتە ئامادەکار و مامۆستای زانکۆو یارمەتیدەر و لەم ئاونیشانە زیاتر تێنەپـەڕی. بـەهۆی نـاڕەزایی دەسـەلاتەکانی زانکـۆ رۆژێـك ئاونیشـانی مامۆسـتای زانکـۆی وەدەستنەهێنا ، چـوونکە نـاوبراو لـە بـواری شـیکردنەوەی دەروونیـدا زۆر پابەنـدی بیروباوەڕو هەڵوێست و هزرەکانی خۆی بوو، ، هەرچەندە زانکۆی لەندەن بەردەوام دژی دەوەستایەوە هەر لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی مایەوە. دوای ئەوەی گەیشتە تەمـەنی خانەنشینی، وەك وانەبێژیکی کۆلێژی زانکۆکە دامەزرێندرا. رۆڵ و چاکەی ئاوبراو بـۆ بەشداریکردن لە دامەزراندنی کۆمەڵەی بەریتانی بۆ زانسـتی دەروون و فراوانرکردنـی چالاکییەکانی دەگەڕێتەوە.

لـە ئۆکسـفۆرد لەسـەر دەسـتی ماکـدۆگل زانسـتی دەروونـی خوێنـدووە. هـەر لەوکاتیشدا فەلسـەفەو زانسـتی ئەرکـەکانی ئەندامـەکان(**علم وظائف الاعضاء**)

Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library

خوێندووە، هەریەك لە سیر ل بیرت و مای سمیث و ولیام براون لە هاوڕێ و هاوکارانی بوون. هەروەها بەشێوەیەکی زانستی و کرداری خەواندنی موگناتیسی ودیاردە دەروونییە ناباوەکانی خوێندووە.

نەوەی فلوجلی بدیبوایە باوەڕی بەوە نەدەکرد دەرچووی نۆکسفۆرد بێت، چوونکە رووخسارەکانی کەسێتیی نۆکسفۆردیی لێ نەدەبینرا، بۆ یەکەم جاریش کە دەتبینی شتێکی وەهات لێ نەدەبینی کە لەخەڵکی دیکە بەرزتربێ.

دواتر چووە ئەڵمانیاو لێکۆڵینەوەی لەسەر (سەگەکەی) کرد، مەبەستی لەمەیش توێژینەوە بوو لەبواری سایکۆلۆژیای بیرکردنەوە، فلوجل لەگەڵ سەگەکەی خۆیدا تەواو وابەستەو تێکەڵ ببوو.

لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەشدا لەگەڵ بیرتدا توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی کردو تاقیکردنەوەکانی زیرەکی تیادا بەکارهێنا. لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندنی لەنێوان کرێکارانی لێڤەرپول و ئەو کەسانەکرد کە ئەرستۆکراتیەتی هزریی لە نۆکسفۆرددا بەسەریاندا زاڵبوو. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش کە رەنگڕێژە بە هاوسۆزی لەهەمبەر مرۆڤایەتی و تەنگوچەڵەمەکانی کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بۆیەکەم جار لەسەر دەستی ئەودا بەدیارکەوتن.

فلوجل پێنج زمانی بەشێوەیەکی زۆر باش دەزانی (چ لەرووی نووسینەوەوخوێندنەوە) چ لەڕووی قسەکردنەوە، هەروەها ئەسبرانتۆی زۆر بەباشی

Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

دەزانی. نەمانە شتە رووکەش و تیژتێپەڕەکانی ژیانی نەبوون، بەڵکو چەند مۆرکێکی کەسیی نێونەتەوەیی بوون کە بەرەو داننان بە ناشتی وتێگەیشتنی نێونەتەوەیی چوون.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەندێك بڵاوکراوەو توێژینەوەی بخەمە بەرچاوتان، کە بەڕاستی کارێکی پڕ لە نەرك و ماندووبوونە، چوونکە فلوجل پتر لە هەشتا توێژینەوەو کتێبی نووسیوە، کە هەریەکێکیان لەبواری زانستیدا بەهاو سەنگی خۆیان هەیە. بەڵام وتارە ناسایەکانی کارێکە هێندە ئاسان نییە کۆبکرێنەوە.

ڕەنگە یەکەمین کتێب کە بڵاوی کردبێتەوە کتێبی(توێژینەوەی شیکردنەوەیی بۆ ژیانی خانەوادەیی) بێت. هەرچەندە فلوجل لەم کتێبەیدا فرۆیدیی بووەو لەبیروڕاکانی لە فرۆید فرۆیدتربووە، ئەوا کتێبەکەی بەهۆی ئەو هەژموونەی بەسەر قوواڵیی پەیوەندییەکانی نێوان دایباب و منداڵان و هاوسەران و نەوەکان و هتد هەیبووە بە شاکارێکی گرنگ دادەنرێت.

کتێبێکی دیکەی لەبارەی (کارو دامەزراندن (النصب) و لەرینەوە) بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە رووخسارو ڕووگەی زانستی دەروونیی فێرکردنی لە کرۆکەوە گۆڕی. بۆ نموونە: تا ئەم دواییانەیش تێڕوانینێکی تایبەتمان لەسەر کێرڤی کار هەبوو کە : گەشەکردنێکی هێواشی هەیەو دواتریش گەشەکردنێکی پلەداری هەیەو دواتریش ترۆپك و دواتریش نزمبوونەوەو دوابەرزبوونەوە: بەڵام فلوجل هات و تاقیکردنەوەیەکیکرد لایەن و پاڵنەری هێزو پترکردنی ئەم پاڵنەرەی تیادا

Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ڕەچاوکرد،سیفەتی کێڕڤە ماندووەکە بەتەواوی بزربوو، بۆیە تێگەیشتین کە هۆکاری پەرۆشیی هەیە کە بەسەر گشت هۆکارەکانی دیکەدا زاڵدەبێ و والە مرۆڤ دەکات هەوڵێکی بێهاوتا بدات. فلوجل لەم تۆێژینەوەیەو تۆێژینەوەی دیکەی تاقیگەیی جۆراوجۆردا ئەوەی سەلماند کە پیاوی پلەیەکی کارگەو تاقیگەیە، نەک وەک هەندێك خەڵك پێیان وەهابوو تەنها پیاوی شیکردنەوەی دەروونی بێت. چوونکە لە تاقیگەدا دەستەڕاستی مامۆستا سبێرمان بوو.

بەلاّم کتێبی (**سایکۆلۆژیای جلوبەرگ**) تۆێژینەوەیەکە لەبارەی جلوبەرگی خەڵك بەپێی جیاوازیی شارستانیان، هەروەها شێوازەکانی جلوبەرگی شەنوکەوکرد، هەروەها ئەوەیشی روونکردەوە کە ئەم جلوبەرگانە هێما بۆچی دەکەن و دژایەتییەکانی نێوان جلوبەرگەکانی زەقکردەوەو ئەوەیشی روونکردەوە کە چۆن لە لایەك شوێنە جوانەکانی جەستە دەشارێتەوەو لەلایەکی دیکەیشەوە هەمان ئەو شوێنە جوان ودڵڕفێنانە زەقدەکاتەوە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم کتێبە زۆر سەرنجڕاکێشە، بەلاّم زانایانی دەروونناس بۆ هەمان مەبەست پەیڕەویان نەکردووەو لەهەمان ئاراستەدا سوودیان لێوەرنەگرتووە، بەڵکو زانایانی زانستی ڕەگەزەکان گرنگییان پێی داوەو کردوویانەتە سەرگەی لێکۆڵینەوەکانیان.

کتێبی (**سەدسالّ لە زانستی دەروونداا**) کتێبێکی دیکەی ناوبراوە کە کۆبەندییەك لەنێوان کورتکردنەوەو سەرتاپاگیری(الایجاز والشمول) دەکات، هیچ کەسێکی دەروونناس ناتوانێت پشتگوێی بخات، چوونکە سەرچاوەیەکی زۆر پێویستە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەبواری زانستی دەروونیدا چالاکییان هەیە، جا چ مامۆستابێت یانیش قوتابی.

Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بەم شێوەیەیش دەتوانین لەبارەی کتێبی (سایکۆلۆژیای پاڵنەرەکان) و کتێبی (گرفتەکانی شەڕوئاشتی) و کتێبی(نوکتەو رووحسوکی) و (سەرنجڕاکێشانی سێکسی)) قسەبکەین و شت بنووسین.

کۆی مەبەستەکانمان ئەوەیە بڵێین کە فلوجل نوێنەرایەتی جیهانی کرداری وردو ئاڵۆزی پارێزکار و لەهەمان کاتیشدا بوێری زانستیی لەکاملترین ماناکانیدا بەرجەستە کردووە. ئەو لەکاری خۆیدا زانابوو، لەسەرووی ئەمەیشەوە مرۆڤێکی ئاکارتەواو و زۆر شەرمن و زۆر خاکیبوو، کە قوتابی و هاوڕێ و ناسیاوەکانی لە ناخەوە خۆشیاندەویست.

باوەڕناکەم بەپێی پێویست لە ناساندنی ئەو زاتە بە خوێنەران سەرکەوتووبووم، ئەمەیش گوناهی من نییە، چوونکە هیچ مرۆڤێك لەمەدا ناتوانێت مافی خۆی پێ بدات. چوونکە زانایانی دەروونناسی ئەورووپی و ئەمریکی باسی ژیانیان کردووە، بەڵام مافی خۆیان پێنەداوە.

رەنگە ئەم شاکارەی کە فلوجل نووسیوویەتی و مامۆستا عثمان بەزمانێکی زۆر سادەوساکار کردوویەتییە عەرەبی، باشترین ناساندنبێت کە مامۆستا فلۆجل پێشکەش بە کتێبخانەی عەرەبی دەکەین.

دکتۆر

عەبدولعەزیز ئەلقەوصی

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library